Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.1.7

# ڕۆڵی سەرکردە (سورنا، surena- 53-84 پ.ز) لە گۆڕانکاری سەربازی و سیاسی لە دەوڵەتی ئەشکانیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Kalthuma Jameel Abdulwahid
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

RECEIVED :22 /11/2024
ACCEPTED :26/04/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**کەلسومە جەمیل عبدالواحد/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

لە مێژوودا کۆمەڵێ سەرکردەو پاڵەوان بەدەرکەوتوونە، کە ڕۆڵی یەکجار مەزنیان لە گۆڕانکاریی سەربازی وسیاسییەکاندا هەبوو، بەڵام بەهۆی چاوچنۆکی و ئیرەیی دەسەڵاتدارەکان، ترس لە پێگە و دەسەڵاتیان، دووچاری تیرۆرکردن و لەناوبردن بوونەتەوە، وەکو شای ئەشکانی ئوردی دووەم کە پلانی وتیرۆرکردن و لەناوبردنی سەرکردەی بە توانا (سورنا)ی دانا، هەرچەندە ئەو سەرکردەیە خزمەتێکی زۆری بە شا کرد تا دەسەڵاتی وەرگرت، وێرای ڕۆڵی مەزنی لە جەنگی کاررا (حەڕان) لە ساڵی (53 پ.ز)، پلان و ستراتیژی سەربازی ئەو سەرکردەیە هۆکاربوو بۆ زاڵ بوون بەسەر سوپای ڕۆمانیدا، کە بەهێزترین سوپای جیهانی کۆن بوو، کە بۆ یەکەمجاربوو بەم شێوەیە لە بەرەکانی جەنگدا دووچاری شکست بێن، سەرکەوتن لە جەنگی کاررا و لێهاتوویی سەرکردە (سورنا)، گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی و فراوانبوونی سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی لێکەوتەوە، ئەمەش وای کرد ناوبانگی (سورنا) بگاتە جیهان و ناوخۆی تێپەڕێنێ، ئەمەش بووە مەترسی لە لایەن شای ناوبراو، جگە لەمەش ئەو سەرکردەیە خاوەنی سوپایەکی تایبەت بەخۆی بوو، بۆیە وەکو پێشگرتن لە دژایەتی کردنی و پاراستنی دەسەڵاتی تیرۆرکرا، وەکو هەڵوێستێک لە بەرامبەر ئەمە بنەماڵەی سورین کە باڵادەستبوون لە هەرێمی سیستان، کە بەشێک بوون لە پێکهاتەی دەوڵەتی ئەشکانی بوون، جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

**وشە سەرەکییەکان:**
دەوڵەتی ئەشکانی،
ئوردی دووەم،
سورنا،
جەنگی کاررا،
هۆزگەرایی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

دیارە ماوەی حوکمڕانی ئەشکانیەکان نزیکەی پێنج سەد ساڵ بووە، هەرچەندە ئەوان زۆرترین ماوە حوکمڕانیان کردووە، کە لە پێش زایین و دوای زایین دەگرێتەوە، ئەگەر ماوەی تاج لەسەرنانی دامەزرێنەری دەوڵەتەکە ئەشک لە ساڵی (250پ.ز)، دیاری بکرێ تا کاتی لە ناوچوونیان لە ساڵی (224ز)، ئەوا (474) ساڵ بەردەوامبوونە، لەم ماوەیەدا ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە پاراستنی خاکی ئێران، سەرەتا لە دژی یۆنانیەکان (سلوکیەکان) دواتریش لە بەرامبەر فراوانخوزییەکانی ڕۆمان.

ئەم توێژینەوەیە بە دیاریکراوی ساڵی (53پ.ز)، لەسەردەمی ئوردی دووەم (54_ 37پ.ز)، دەکۆڵێتەوە، کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو گۆڕانکاریە سەربازیی وسیاسییانەی کە لەو سەردەمدا ڕوویانداوە، لەگەڵ خستەڕووی ڕۆڵی سەرکردە (سورنا)، بە پشتبەستن بە شێوازی شیکاری، توێژینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی و چەندین سەرباس پێکهاتووە، وەکو لە بەشی یەکەم ئاماژە بە ڕەوشی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەشکانی دەکات، وەکو پێکهاتەی دەوڵەتی ئەشکانی کە لە شێوەی یەکگرتنی هۆزایەتی بە دیاریکراوی ڕۆڵی بنەماڵەی سورین خراوەتەڕوو، هەر لەم بەشەدا پرژاوەتە لەسەر ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی ئەشکانی لە سەردەمی شا ئوردی دووەم، بەشی دووەمیش چەند بابەتێک لەخۆدەگرێ لەوانە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان، کە مێژووی سەرەتایی بەریەککەوتنی هەردوو دەوڵەت و ڕووداوەکانی پێش جەنگی کاررا و کۆتاییدا لێکەوتەکانی جەنگی کاررا باسکراوە.

### 1. ڕەوشی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەشکانی

لەدوای شەڕی ئەربێلا لە ساڵی (331پ.ز)، کە لە نێوان دەوڵەتی هەخامەنشی و مەکەدۆنی ڕوویدا، لە ئەنجامی شکستی (دارای سێیەم، 336–330پ.ز) دواشای هەخامەنشی، ئێران کەوتە لەژێر دەسەڵاتی (ئەسکەندەری مەکدۆنی، 334– 323 پ. ز)، لە دوایی مردنی ئەویش ناوچەکان لە نێوان سەرکردە دیارەکانی ئەسکەندەر دوایی ململانێی زۆر دابەشکرا (مکاوی، 1999: 66)، هەروەکو ڕوونە ئێران کەوتە لەژێر دەسەڵاتی (سلووکس) کە یەکێ بوو لە سەرکردە ئازا و دیارەکانی ئەسکەندەر، بۆیە ئەو ماوەیەی سلووکس و جێنشینەکانی حوکمڕانی ئێران و ڕۆژهەڵاتیان کردووە بە (سەردەمی سلووکیەکان، 311، یان 312– 287، یان 248پ.ز) ناسراوە (جواد، 2008: 7)، دوای ماوەیەک لە حوکمڕانی و باڵادەستیان، دووچاری لاوازی و دواتر لەناوچوون بوون، بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێ هۆکار، وەک شەڕی بەردەوامیان لە نێوان خۆیاندا، بە واتای کێبڕکێ و دژایەتی کردنی هێزەکانی ئەو سەردەمە، وەک بەتالیسەکان[1] کە لە میسر دەسەڵاتداربوون، بەهۆی بەرژەوەندیی و فراوانخوازی، خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون، بەرفراوانی دەوڵەتەکە و کە لە دەسەڵاتی ئەواندا نەبووە، بە چاکی بەڕێوەبەرن، کە فارسەکانیش هاریکاریان نەبوونە، چونکە ئەوانیان بە داگیرکەرو دوژمن دەزانی، هەروەها هاتنی دەسەڵاتداری لاواز وبێ توانا وێرای هەبوونی کێشەی ناوخۆیی (جواد، 2008: 344)، سەرباری ئەوانەش دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕۆمان[2]، لەو ماوەیەدا، واتا لە سەدەی سێیەمی پێش زاییندا، لە باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتدا دەستی بە فروانخوازییەکانی کردبوو (عکاشە واخرون، 1991: 167–172)، ئەمە زەبرێکی کوشندەی لە هێزی سلوکیەکاندا، کە وایکرد دەسەڵاتییان زۆر لاواز ببێت، تا ئەو ڕادەی کاریگەری لەسەر لەژێر دەستەکانیان هەبێت، بەدیاریکراوی ئەوانەی لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا نیشتەجێببوون، بە تایبەتی لە بەشی

---

[1] .بەتالیسەکان، ناوەکەیان بۆ سەرکردە (بەتلیمۆس) دەگەڕێتەوە، کە هاودەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ڕۆژهەڵات، بوو بە حاکمی میسر، خۆی وەکو فیرعەونی میسر ناساند، بە دامەزرێنەری شانشینی بەتلیمیە (305– 30 پ.ز)، دادەنرێت (نصحی، 1976 : 48).

[2] . ڕۆمان لە دوای ئەوەی بوو، بە هێزێکی دیار لەسەردەمی کۆماریدا (Romana Res publica) ئەو سەردەمە لە دوای ڕووحانی شانشینی کۆن لە ساڵی (509 پ.ز) دەست پێدەکات تا سەرهەڵدانی سەردەمی ئیمپراتۆریەت لە ساڵی (27 پ.ز)، ئەوە تێبینی دەکرێ لەم ماوەیەدا فراوانخوازییەکانی ڕۆمان دەست پێدەکات (مونتسیکو، 2011: 31؛ مومن، 2012: 1–5). ئەوەی تێبینی دەکرێ زانیاری و شوێنەواری ئەشکانیەکان زۆر کەمە، هەتا ماوەی حوکمڕانینان کورتکراوتەوە بۆ نیو ئەوەندەی ماوەی ڕاستەقینەیان، هەروەکو مێژوونووسی موسلمان المسعودی ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات، کە ناڕوونی ماوەی حوکمڕانی ئەشکانیەکان، بۆ دژایەتیکردنی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە، بەوەی ڕێبەرانی ئایینی و سیاسیی ئەم ڕەفتارەیان پەیڕەو کردووە ( 1938: 79).

باکووری ڕۆژهەڵات، بە دیاریکراوی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر (قەزوین) و ئۆرال[3] دەسەڵاتداربوون، نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبێت (سیاهپوش، 1393: 49) وەک لە هەرێمی (پارت، یان پارثوا)، کە لەسەردەمی هەخامەنشییەکان ساترابێکی فراوان بووە، کە (خۆراسان و هیرکانیا، یان گورگان)ی دەگرتە خۆ (شیپمن، 1386: 39)، دەسەڵاتداری هەرێمەکە هۆزی ( Parni_پارنی) بوونە، کە ئەوانیش بەشێکن لە هۆزانی (داهـی Dahae) کە بنەچەیان دەچێتەوە لەسەر نەتەوەی (ئەسکیتیەکان_ Scythians )[4](علان، 2011: 16)، لەوە دەچێ ئەوانە تا ئەو ئاستەی ناسراووبن، کە ناوی داهی ئاڤێستا (یەشتەکان) لە فەریدوون یەشتدا هاتووە، کە ستاشی ژن و پیاوی دەڤەرەکە دەکات لە کردەی سی ویەک و بەندی (144) دا هاتووە:

"ستایشی فرەوەرشی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی(داهی) دەکەین، ستایشی فرەوەرشی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی (داهی) دەکەین".

هەروەها ناوی داهی لە بەردەنووسینەکەی پاشای هەخامەنشی (خەشایارشاە، 486-464 پ.ز)[5] لە تەختی جەمشید هاتووە، کە بەشێکی قەڵمرەوی دەسەڵاتی هەخامەنشی بووە، هەروەها ئەندامانی شەرکەری ئازا و وەفا بوون، بەشێک بوونە لە پێکهاتەی سوپای (داریوشی سێیەم، 336-330پ.ز) هەروەها بەژداربوون لە شەڕی (ئەربیلا) تا کۆتایی لە گەڵی ماونەتەوە (وکیلی، 1393: 251).

ئەم بنەماڵەیە توانی سوود لەم بارودۆخە وەربگرێ، خۆیان ڕێکبخەن و دەستبکەن بە شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی سلوکیان، توانیان هەژموونی سیاسی سلوکیەکان لە ئێران ڕۆژهەڵات وەدەرنێن و قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی دەوڵەتی پارت بونیاتبێن، هەروەها بە ناوی ئەشکانیش ناویان هاتووە، بۆ لێکدانەوەی هەردووناوی دەوڵەتەکە دوو بۆچوون هەڵدەگرێ، ناوی (پارت) شیمانەی ئەوەی بۆ دەکرێ، کە بۆ ناوی شوێنەکە بگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێران هەرێمی پارثیا (خۆراسان)، (پاشکۆ،1) هەروەها بە ناوی (دەوڵەتی ئەشکان) بۆ سەرکردەی ڕاپەڕینەکە (ئەشک)[6] دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی (247 پ.ز)،[7] کەدەستی بە خەباتی چەکداری کرد لە دژی سلوکیەکان (

---

[3] . دەریای خەزر یان قەزوین بریتیە لە دەریایەکی داخراو، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاسیا، دەریای ئۆرال (Orol dengizi) لە ناوەڕاستی ئاسیایە هەردوو ڕووباری بەناوبانگی سیر دەریا( سیحۆن) ئامۆدەریا (جیحۆن) دەرژێتە ناوی ، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ وڵاتی ئۆزباکستان لە باکوو رو تاجیکستان لە باشووریەتی(مونس، 1987: 132).

[4] . ئەوانە لە کۆمەڵێ خێڵ پێکهاتوونە، بنەچەیان هیندی ئەوروپی بوونە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پێش زایین کۆچیان بۆ ڕۆژئاوا و خوارووی خۆیان کردووە و دەسەڵاتیان فروان بووە(9-6 :Barthold , 1084 ) دەوتری یەکەمین تیرانیهیندو ئەوروپی بوونە (مورش لی ، 1399).

[5] . خەشایارشا کوڕی گەورەی دارای یەکەم و شاژن(ئاتوسا) بووە، لە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە،پلانی باوکی لە داگیرکردنی ئەسینا خستەبواری جێبەجێکردنەوە، ناوەکەشە بەواتای فەرمارەوای پاڵەوان دێت، بەوەی خشای بە واتای (فرمانڕەوا) آرشا بەواتای کەسی قارەمان دێت(هرتسلفد، 1354: 79) .

[6] . ناوی دەوڵەتەکە بە شێوازی (ئەرشاک -ئەشکان– فەرث- پارت)هاتووە، لەوانەیە ( ئەشک، ئەرشک)بۆ سەرکردە (ئەرشاک، یان ئەشاک250-247پ.ز) بگەڕێتەوە، کە سەرکردایەتی شۆڕشی لە دژی سلووکیەکان گرتەئەستۆ، یاخود بۆ شوێنی ڕەسەنی نیشتەجێبوونیان بگەڕێتەوە، لە خۆڕاسان دەڤەرێک بەناوی (ئاساک) لە نزیک شاری (کۆتشانی) ئەمڕۆ هەبووە، کە بە کۆنترین پایتەختی پارتەکان دادەنرێ، کە لە هەمان شوێن بووە پێیی دەوترا (ئاستاکا، یان ئاریسکا)، هەروەها بە ناوی (پارت)ەکانیش ناویان هاتووە، ئەویش بۆناوی شوێنەکە دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێران( خۆراسان)، ناوەکەی تریان (پارنی، Parni) کە بۆ ناوی هۆزەکەیان دەگەڕێتەوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا(پیرنیا، 2013: 275). لەم توێژینەوەیە تەنها ناوی ئەشکانی بەکاردەهێنرێت، بەبۆچوونی توێژەر ئەو ناوە شیاوترە، چونکە ناوی پارت ناوی بنەماڵەکەیە، کەچی ناوی ئەشکانی، گوزارشت لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی دەکات.

[7] . هەرچەندە ناتوانرێ بە وردی جوگرافیای دەوڵەتەکە دیاریبکرێ، ئەویش بەهۆی هەڵومەرجی سیاسی و سەربازییەوە، گۆڕانکاری بەسەر سنوورەکەیدا داهاتووە، ئەشکانیەکان چەندین پایتەختیان هەبووە وەکو پایتەختێکیان شاری ( نسا)، ئیشق ئابادی پایتەختی تورکمانستانی ئەمڕۆ بووە، شاری (سەد دەروازە) لە شاری دامغان، دواتر شاری (تیسەفون) لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە لە وڵاتی دوو ڕووباردا، لە کاتێکدا کە ئەم پایتەختیان بووە کە سنووری دەسەڵاتیان فراوانببوو( نظری، 1398 : 60).

Malcolm،1967 : 4)، بۆ ماوەی (471) ساڵ بەردەوامبوون، تا ساڵی (224ز)، کە بە دەستی ساسانیەکان[8] لەناوچوون.

## 1:1. هۆزاگەرایی وسیستەمی ئەنجومەنی لە دەوڵەتی ئەشکانیدا

هەروەکو ڕوونە لە مێژوودا هەر هۆز و تیرە و یان ماڵباتێک بەهۆی شیان و لێهاتوویان، یاخود هەڵومەرجی جیاوازدا توانیویانە ببنە پێشەنگ و دامەزرێنەری قەواوە، یان هەر پێکهاتیەکی تری سیاسی، بەمجۆرەش دەوڵەتی پارتی کە پێکهێنەری دەوڵەتەکە ماڵباتی پارنی بوونە، بەڵام بە هاوپەیمانی لەگەڵ حەوت بنەماڵەی بەناوبانگ، کە بە حەوت بنەماڵە بەناوبانگەکان(العوائل السبع الممتازة) ناسرابوون، توانیان ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوان دابمەزرێنن، هەر یەکێ لەو بنەماڵانە لە هەرێمێک باڵادەستبوونە وەک بنەماڵەی سورین لە هەرێمی سیستان، بنەماڵەی مەهران دەسەڵاتیان لە سمنان بووە، سمنان دەکەوێتە باشووری زنجیرە چیاکانی بورز، بنەماڵەی وراز لە ئازەربایحان و ئەرمنستان، بنەماڵەی سێپەندیاد (سپهبد) لە طبرستان و گورگان، بنەماڵەی ئەسپندیار لە ڕەی، بنەماڵەی کارن لە نەهاوەند، بنەماڵەی زیک لە ئازەربیجان (ماد) بوونە (کریستنسن، 1957: 7؛ زرین کوب،1378 : 350)، ئەو بنەماڵانە خاوەن دەسەڵات و هێز و سوپا و شوێنی جوگرافیای تایبەت بەخۆیان بوونە، لە پێکهێنانی دەوڵەتی ئەشکانی بەژداربوون، دەوترێ ژمارەی بنەماڵەکان لەو حەوت بنەماڵەیە زۆر زیاتربوونی بەتایبەتی لەو کاتەی دەوڵەتەکەیان فراوان بوو، سەرۆکی بنەماڵەکان ئەندام لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوون، ئەمە لە دوای ئەوە بووە، کە (ئەشک، ئەرشاک) سەرکردەی بنەماڵەی پارنی، هەرێمەکەی لە دەسەڵاتی سلوکیان وەدەرنا، بانگەوازی بۆ گشت بنەماڵە بەناوبانگەکان نارد، کە داوای لێکردن هاریکار و پاڵپشتی بن، لە ئازادکردنی وڵاتەکەیان لە ژێردەستەیی، هەروەها پێیانی ڕاگەیاند، کە ئەو نایەوێت ببێتە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، بەڵکو هیوای ئازادکردنە لە هەژموونی بێگانە (سلوکیەکان)، پەیمانی پێدان کە دەسەڵات و پێگەیان وەکو خۆی دەمینێتەوە و پارێزگاریان لێ دەکات، ئەوانیش هاتنە پاڵی بوونە هاریکار (مکاریوس، 2003: 60)، بەمجۆرە دەبینین شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای تیرەگەرایی داڕێژرابوو، هەروەکو مێژوونووس طبری ئاماژە بەمە دەکات، بە شێوەی (ملوک الطوائف) ناویان دەبات (2، : 9)، ئەو هۆزانە لە گەڵ هۆزی پارنی بوونە هاوپەیمانی و بەژداربوونە لە ئیدارەدانی دەوڵەت، هەرچەندە سیستەمی (هۆزایەتی) لە بەڕێوەبردن لە داهێنانی پارتەکان نەبووە، بەڵکو بۆ سەردەمی میدیەکان دەگەڕێتەوە، دواتریش بۆ هەخامەنشیەکان[9]، تا سەردەمی ساسانییەکانیش بەردەوام بووە (گریشمن، 2013: 398).

هەروەکو ڕوونە حوکمڕانی لە دەوڵەتی ئەشکانیدا لە سەرەتادا بە شێوەی سیستەمی پشاوپشت و بۆ ماوەیی بووە، بەوەی شا بە تەنیا ئەرکی دیاریکردنی (جێنشین) شای داهاتووی هەبوو، کە کوڕەکەی دەبووە جێگرەوەی، هەندێ جاریش براکەی، بەڵام لە سەردەمی شای هەشتەم (میهردادی دووەم، 124- 91 پ.ز)[10] (پاشکۆ، 3)، لە ساڵی (173 پ.ز)، نەریتی جێنشینی بۆماوەیی هەڵوەشاندەوە و ئەنجوومەنێکی پێکهێنا بە مهستان نابراوە، لە دوو بەش پێکهاتبوو، یەکەمیان تایبەت بوو بە خانەدانان و پیاو ماقولان کە لە میرەکان پێکهاتبوو پێی دەوترا (مهستان) (مهە) بە واتای مەزن

---

[8] . ساسانیەکان کۆتا بنەچەی فارس نەژاد بوون، کە بنەچەی خۆیان بۆ هەخامەنشیەکان دەگەڕێننەوە، توانیان دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵات بگرنەدەست لە ساڵی (224 یان 226ز) لە شەڕی هورمزگان کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەشکانیەکان دەهێنن و لە لایەن ئەردەشێری کوڕی بابک، لە هەرێمی پارس لەبەشی باشووری ئێران بوون، توانیان بۆ ماوەی زیاتر چوارسەد ساڵ حوکمڕانی بکەن، تا ساڵی (651ز) لەلایەن سوپای موسلمانان کۆتای بە دەسەڵاتی سیاسیان هات ( عبدالواحد، 2023).

[9] . ئەم سیستەمە لە داهێنانی ئەشکانیەکان نەبووە، بەڵکو پێشتریش پەیرەوکراوە، وەکو لە سەردەمی هەخامەنشیەکان، بەتایبەتی سەردەمی داریوشی یەکەم، (522- 486پ.ز) کە چۆن سەرکردەی هۆزەکان ڕۆلیان هەبووە لە پشتیوانی کردنی دارا بۆ دەسەڵات پاڵپشیکردنی بۆ سەرکەوتنی بەسەر هەڵگەڕاوەکانی ناوخۆو، دواتریش بەژدارییان کردووە لە بەڕێوبردنی دەوڵەتەکە (عبدالقادر، 2024: 31)، کۆرشی دووەم، یان کۆرشی ئەخمینی کوڕی قەمبیزی یەکەم و مەندانەی کچی ئەستیاکی دوا پاشای میدییەکانە، لە دژی دەوڵەتی میدیا لە ساڵی (550پ.ز) شۆڕشی کرد و دەوڵەتی ئەخمینیی زیاتر بەهێزکرد، زۆربەی جیهانی کۆنیان داگیرکرد، لە دوڵی سند تا لیدیا (ئەنادۆل)، هەروەها عێراق و میسر بوونە بەشێک لە دەوڵەتی هەخامەنشیی (عبدالواحد، 2024. 47).

[10] . لەبەشی داهاتوو دەبێتە بابەتی باسکردن لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان.

دێت، ستان بە واتای کۆ، یان ئەنجومەن دێتن، هەروەها بە (سینات، **senat**) ش ناوی هاتووە، کە لە (300) ئەندام پێکهاتبوون، بە فەرمانی میهرداد دووەم دامەزرا و سەرۆکی هۆزەکان ئەم بریارەیان قبولْکرد بۆ دامەزراندنی دەستوور و پەرلەمان (پیرنیا، 2013: 308)، بە واتای لەم کاتەوە شای ئەشکانی خۆی بەدوورگرتووە لە تاکرەویی لە حوکمڕانیدا، هەمیشە بەپەیوەستبووە بەو ئەنجومەنە، مەودای دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنە زۆر فراوان بووە، وەک هەڵبژاردنی شازادەی جێنشین لەنێو شازادەکان و ڕاگەیاندنی جەنگ و پێشنیارکردنی ئاشتی و کۆکردنەوەی هێز و لابردنی شا لە حاڵەتی شێتی و نەخۆشی درێژخایەن، هەروەها گۆڕینی بڕی باج و فرمانی دەرهێنانی دراو بە وێنەیەکی نوێ، دانانی پاشایانی هەرێمەکان (میرهەرێم) و هەروەها دانانی فەرماندەی گشتی سوپا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، یان بەڕێوەبردنی جەنگ، جگە لەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنێکی تر هەبوو، کە لە پیاوانی ئایینی[11]پێکهاتبوون پێی دەوترا (موگستان)،[12] بەڵام ئەم ئەنجومە ئەوەندە ڕۆڵی نەبووە، تەنها ڕۆڵی ڕاوێژکاری بووە، چونکە ڕێگەیان پێ نەدەدرا دەست بخەنە ناو کاروباری دەوڵەت، ئەوان وێرای ئەرکی ئایینی زۆربەیان پزیشک و مامۆستا و ئەستێرەناس بوون ( کریستنسن، 1957: 9).

### 1:2. ڕۆڵی بنەماڵەی سورین لە دەوڵەتی ئەشکانیدا

بنەماڵەی سورین یەکی لە پێکهاتەی دەوڵەتی ئەشکانی بووە، دەوڵەتەکە لە چەندین هۆز پێکهاتبوون، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەر تیرەیەک خاوەن هێز و موڵکی تایبەت بوونە، دیارە لە سەرووی هەموویانەی پارتەکان بوونە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەسەڵاتی شاهانەیان هەبووە، پێگەیان لە پێش هەموویان بووە، کە بە مەزن و بەرز سەیردەکران، ناویان لە نووسراوەکاندا پێش دەخرا، لەبەر پێگەکەیان کە لە نەژادی شاهانە بوونە (الثعالبی،1963: 457)، ناسناوی شاکان[13] بە ئەشک دەستی پێدەکرد، وەکو ڕێزگرتنێک بۆ پێگەکەیان، لە دوای ئەوانەوە بنەماڵەی (سورین) بووە، کە ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتیەوە، بەوەی ئەوان خاوەن موڵک و سامانی زۆربوونە، هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە پلەیەک لە خوار شاوە بوونە، بە واتایەکی تر پیگەیان لە دوای شا دەهات، دیارە ئەرکی ئەم تیرەیە تاج لەسەرنانی شای دیاریکرابووە، خاوەن ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەر و سوپای تایبەت بەخۆیان بوونە (اعتماد سلطنه، 1371: 191)، شوێنی باڵادەستیماڵباتی (سورین) لە هەرێمی سیستان( سجستان) لە ڕۆژهەڵات، سیستان هەرێمێکی بەرفراوان و خاوەنی سروشتێکی تایبەت بووە، یەکێ لەو هەرێمانە بووە، لە ئاڤێستا لە ڤێندیداد کردەی، یەکەمدا بەیازدەمین سەرزەمینی چاک کە ئەهۆرامەزدا دروستی کردووە، ناوی هاتووە، هەروەکو:

 (**یازدەهەمین شوێن و وڵاتی چاک کە ئەهۆرامەزدا دروستیکردووە سیستانە**) (الڤندیداد، 2001: 43). کەواتە بەپێی ئەوەی لە ئاڤێستا ناوی هاتووە، دیارە بە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی و ڕووداوە مێژوویی و سەردەمە جیاوزییەکاندا ڕۆڵی مەزنی هەبووە.

### 1:3. ڕەوشی ناوخۆیی دەوڵەتی ئەشکانی لەسەردەمی ئوردی دووەم

لە مێژوودا هەبوونی بەرژەوەندی و ئارەزووی دەسەڵات، بووە هۆی دروستبوونی ململانێ لە ناو بنەماڵەکاندا، کار دەگاتە ئەو ڕادەی کوشتن و تیرۆرکردنی لێبکەوێتەوە، هەروەکو ڕوونە بەژەوەندی تاکە کەسیی و ئارەزووی بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات، فاکتەری سەرهەڵدانی کێشەکانە، کە کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی سیاسی ناوخۆیی دەبێت، هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ لاوازبوون و هەنگاو بەرەو لەناوچوون، دیارە ئەم کێشەیە لە مێژووی زۆربەی نەتەوەکان بەدیدەکرێ، هەروەکو ڕوونە تیرۆر و کوشتن ئەنجامی خراپی ئەم ڕەوشەیە، جا چ بە شێوەی ژەهرخواردن بێت، یان کوشتن و ڕووبەڕووبوونەی سەربازی بێت، یاخود هێنانی هێزی دوژمن بۆ پشتیوانی (زرین کوب، 1378:

---

[11] . بەمەی چینی پیاوانی ئایینی لە سەردەمی ئەشکانیەکان ڕۆڵێکی ئاوایان نەبووە، بەڵام لەسەردەمی ساسانیەکاندا دەبنە خاوەنی بەرزترین پێگە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتییەوە، ئەمەش بۆ ڕۆڵی ئەردەشێر کوڕی بابک دەگەڕێتەوە، کە لەسەر بە بنەماڵەیەکی ئایینی بونە و پیاوانی ئایینی یارمەتیدەر و هاریکاربوونە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات ( عبدالواحد، 2022).

[12] . دیارە هەمان هۆزی ماگی بوونە لەسەردەمی میدیەکان پارێزەری ئایینیی بوونە.

[13] . (38)، یان (39) پاشا بۆ ماوەی (471)ساڵ حوکمڕان بوونە (کالێج، 2010: 71)

123)، دەوڵەتی ئەشکانیش دووچاری ئەو دەردە کوشندەیە بووە، دەوترێ هۆکاری سەرهەڵدنی کێشەی ناوخۆ ڕۆمان بووە، دوای ئەوەی لە بەرەکانی جەنگدا سەرکەوتوو نەبوون، دەستیانخستە ناو کاروباری ناوخۆ، بە مەبەستی لاوازکردنی دەوڵەتەکە لە نانەوەی کێشە بووە (باقر واخرون، 1980: 100)، بەوەی لایەنگیری شایەکیان دەکرد و دژایەتی یەکێکی تریان دەکرد، لە ئەنجامدا ئەو کێشە و ئاژاویە گەیشتە لوتکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (فەرهادی سێیەم، Phraates III، 76-70 پ.ز)، کە بە دەستی کوڕەکانی (ئوردی دووەم و میهردادی سێیەم) ژەهرخوارد کرا و کوژرا، کوڕە گەورەکەی (میهردادی سێیەم، ئەشکی دوازدەم، Mithridates IV، 57 - 54پ.ز) بوو بە پاشا، بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکمڕانی کرد، دواتر (ئوردی دووەم) (پاشکۆ،4)، لە دژی (میهردادی سێیەم) هەڵگەڕایەوەو شۆڕشی لەدژی ئەنجامدا، خانەدانانیش دژی (میهردادی سێیەم) بوون، بەوەی پاشایەکی خوێنڕێژ و نادادوەربووە، هەرچەندە میهرداد داوای یارمەتی لە ڕۆمان دەکات، بۆ هاوکاریکردنی و پشتیوانی لە دژی ئوردی برای (پیرنیا، 2013: 284)، بەڵام ڕۆمان وەڵامی نەدەنەوە، دواتر عەرەبەکان یارمەتیاندا چووە شاری بابل، لە بابل مایەوە، تا کۆتایی ساڵی (54) و سەرەتای ساڵی (53 پ.ز) ئوردی دووەم سوپایەکی بەسەرکردایەتی سەرکردە (سورنا) نارد، زۆر بە خێرایی شکستی پێهێناو و بەسەریدا زاڵبوو و گرتی ودایە دەستی براکەی، ئەویش ڕاستەوخۆ فەرمانیدا بە کوشتنی و لە سێدارەدر (شیپمن، 1386: 79)، بەمجۆرە ئورد بوو، بە شای دەوڵەتی ئەشکانی بەناوی (ئوردی دووەم، ئەشکی سێزدەهەم، 55- 37 پ.ز). ئەلێرە ڕۆڵی سەرکردە سورنا زۆر گرنگ بووە لەسەرخستن و یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان دوو برا لەسەر دەسەڵات، کە هۆی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی، بەوەی خۆی سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کرد، کە بەرەو شاری بابل ڕەوانەکرا، بەسەریدا زاڵ بوو و کۆتایی بە کێشەی ناوخۆیی هێنا، دەوترێ زوو کۆتایی هێنانی بە میهردادی سێیەم و کوشتنی بە خێرایی، لەترسی ئەوە بووە، نەوەکو یارمەتی بدرێت لە لایەن ڕۆمانەوە کە پاساوێک بێت، بۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتی ئەشکانیدا (قادری، 1390: 46) .

## 2. سەرەتایی بەریەککەوتنەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان

پەیوەندی دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان لە سەردەمی کۆماریدا، لەو ماوەیەدابوو، کە ڕۆمان وەکو هێزێکی جیهانی دەستی بە فراوانخوازییەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقیا کردبوو (Dingas & winter ,2007,9)، لە لایەکی تر دەوڵەتی ئەشکانی لە سەرەتای پەڵهاویشتنی بوو، بەتایبەتی سنووری بەرەو ڕۆژئاوا (ئەرمینیا و وڵاتی دوو ڕووبار)، ئەم ڕەوشە بە دیاریکراوی لەسەردەمی شا (میهردادی دووەم، ئەشکی نۆیەم، 124_ 91 پ.ز)، بەدی دەکری، میهردادی دووەم بە یەکێ لە شا مەزنەکانی ئەشکانی و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتەکە دادەنرێت، بەوەی توانی دەوڵەتی ئەشکانی بەهێزبکات (رجبی، 1383: 78)، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانی سنوور بۆ ئەو هۆز و نەتەوانە دابنێ، کە لە بەشی باکوورەوە بەردەوام هێرشیان دەکردنە لەسەر دەوڵەتی ئەشکانی، چونکە کاتێ میهرداد دەسەڵاتی وەرگرت، ڕەوشی دەوڵەتی ئەشکانی لاوازبوو، بەهۆی هەرەشەی بەردەوامی (کۆچەرییەکان)، یان (بیابانشینیەکان)[14] کە بەشی ڕۆژهەڵات کەوتبووە لەژێر هەژموونی ئەوان، سنووری دەوڵەتەکەی گەیاندە نزیک ڕووباری ئاموودریا (سەیحۆن) (زرین کوب، 1378: 157)، ئەم هەڵمەتەی میهرداد زۆرگرنگ بوو، چونکە تەناهی بەرپابوو و دەوڵەتی لە مەترسی هێرشی بەردەوامی هۆزانی دەوارنشین ڕزگارکرد، ئەوەی زیاتر دەوڵەتی ئەشکانی کردە هێزێکی جیهانی، پەیوەندی دۆستانەی بوو لە گەڵ چین، لەسەردەمی بنەماڵەی هان ئیمپراتۆر (وو-تی، 156- 87پ.ز) لە ساڵی (115پ.ز)، شاندێکی ئیمپراتۆری چینی هاتن و چوونە خزمەت میهردادی دووەم،

[14] . ئەوانە بە دەوارنشین، یان بیابانشین ناویان هاتووە، لە کۆمەڵێک هۆزی کۆچەری پێکهاتبوون لەبەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەشکانی بوونە، لە ماوەی مێژوویی جیاواز و بەناوی جیاواز هێرشیان کردۆتە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران وەکولە ماوەی ماشاژت لەسەدەی شەشەمی پێش زایین، پارتی لە سەدەی سێیەمی پێش زایین، ئەکستیەکان لە سەدەی دووەمی پێش زایین، کیداری لەسەدەی سێیەم و چوارەم، داهی لەسەدەی چوارەم و پێنجەم، هیپتالی لەسەدەی پێنجەمی زایینی(خانیکی، 1396: 140).

ڕێککەوتننامەیەکان بەست بۆ مەبەستی بازرگانی و گواستنەوەی کاڵابوو، لەو سەردەمەوە ڕێگای ئاوریشم[15]کارا بوو، بۆ گواستنەوەی کاڵا لە نێوان چین و هیند و دەوڵەتی ئەشکانیدا (احمد والهاشمي، 1985: 145)، بەمە دەوڵەتی ئەشکانی بوو، بە پردێکی گەیاندن و گواستنەوە و گرنگترین ئەلقەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (پاشکۆ، 2)، بۆیە میهرداد بە یەکی لە شا مەزنەکانی ئەشکانی دادەنرێت، ناسناوی مەزنی هەبووە (مەزن، شاهینشا) (پیرنیا، 2013: 280). بەم جۆرە میهردای دووەم دەوڵەتی ئەشکانی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بەرەو پێش برد، هەروەها ئەوانەی لەناوخۆ ئارەزووی دەسەڵاتیان هەبووە، شکستی پێ هێناوون، بە لێهاتوویی و دانایی توانی سەقامگیری بەرپابکات، هەروەها بۆفراوانبوونی سنووری وڵاتەکەی لە ساڵی 94 پ.ز هەڵمەتێکی سەربازی بۆ ناوچەکانی باکووری نێوان دیجلە و فورات کردووە و و ڕووباری فوراتی کردە سنووری ڕۆژئاوای، هەرسێ شانشینی کوردی( ئەدیابین، ئۆسەرینە و کۆدۆئین) کەوتنە ژێرسنووری قەڵمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی (شیپمن، 1386: 67)، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمان پەیمانی دۆستایەتی و سەربازی بەست، دوای مردنی میهردادی دووەم، لە ماوەی نێوان ساڵانی (88– 77 پ.ز)، بوار بۆ (تیگرانی دووەم،95-55 پ.ز) پاشای ئەرمەن ڕەخسا پەلاماری باکووری وڵاتی دوو ڕووبار بدات و فراوانخوازی بکات، ئەو مەبەستی بوو ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئەرمەنی دابمەزرێنێت، دەستی بەسەر زۆربەی هەرێمەکانی میدیای ئەترۆپاتیی[16] داگرت و ڕووی کردە ڕۆژئاواو ناوچەکانی (هەکاری وسنجار روها و نوسەبین) و دەوروبەری کە پێشتر لە ژێردەستی ئەشکانیەکاندا بوو، گشتی خستیە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەم فراوانبوونەی (تیگران) مەترسیی لە لای ڕۆمانەکان دروستکرد، چونکە ڕاستەوخۆ بەرژەوندی ئابووری و سیاسی لە ئەنادۆل و ڕۆژهەڵات دەکەوتە مەترسییەوە(غەفوری، 2021: 138–139)، لەبەر ئەوە ڕۆمان سوپایەکی بەسەرکردایەتی (لوکوللوس، Lucullus، 118–56 پ.ز) لە ساڵی (69 پ.ز) نارد بۆ هێرشکردنە سەر تیگران، لەم ماوەیەدا لە دەوڵەتی ئەشکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (فەرهادی سێیەم، ئەشکی یازدەهەم، Phraates III،69– 60 پ.ز) بوو، کە ئەرمەنستان بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئەشکانی سەرچاوەی کێشەیەکی لە نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان بووە، سنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئەشکانی دانراوە، بەهەمان شێوە بۆ ڕۆمانیش گرنگ بووە بە کۆنترۆلکردنی ئەرمەنستان دەروازەیەکە تا لەوێوە بە ئاسانی بگاتە بەشی ڕۆژهەڵات( رجبی، 1383: 81). بەمجۆرە کێشەی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمان بەردەوام تا بۆ سەردەمی ساسانیش گوازرایەوە .

### 2:1. ڕۆڵی سەرکردە سورنا(surena ) لە گۆڕانکاری سەربازی

سەرکردە یاخود پێشەوا، ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە بە هێزی و باڵادەستی هەر قەوارەیەک، یان دەوڵەتێک، توانا و هێزی هەر دەوڵەتێک هەمیشە پەیوەستە بووە بە لێهاتوویی و بەهێزی سەرکردە، یاخود سەرۆکەکەی، ئەمە بۆ سیستەمی هۆزایەتی زۆر دروستترە، چونکە هەروەکو هاوکێشەیەک وابووە، هەروەکو روونە ئەگەر کەسایەتیەکی بەهێز، یاخود سەرۆکێکی بە توانا بووبێت بە پێشەوا، ئەوا دەوڵەتەکە بە هێز و توانا دەردەکەوێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر شایەک دەسەڵاتی وەرگرتبا، کە لەو ئاستەدا نەبووبێت، ئاوا قەوارەکە بەرەو کزی و لاوازی هەنگاو دەنێت، هەندێک جار بەرو دارمان و لە ناوچوون دەچێت، بە هاتنی سەرکردەی بە توانا ئاوا گۆڕانکاری ڕوودەدات، ئەم بۆچوونە لە هەموو

[15] . ڕێگای ئاوریشم، ڕێگای ئاوریشم (Silk Road)، ڕێگای بازرگانیی نێو دەوڵەتی بووە، کە ڕێگایەکە دوور و درێژ و پڕ مەترسی بووە، هەروەها کەش و هەوای سەخت لە زستانی سارد و گەرمای زۆر، جاری وا هەبووە کاروانە بازرگانییەکان نزیکەی دوو ساڵی خایاندووە، بەوەی ڕێگاکە پێکهاتبوو لەکۆمەڵێ ڕێگای پێچاو پێچ لە (چین)ەوە لە باشووری ئاسیا دەستی پێ دەکرد، تاوەکو ئەنتاکیا (تورکیا )، دیارە چین لە کۆنەوە پیشەی بەرهەمهێنانی ئاوریشمیان زانیوە و لە لای زۆربەی نەتەوەکان خواستی زۆری لەسەر بووە، بەتایبەتی لە لای ڕۆمان، جگە لە ئاوریشم کەلوپەلی تریش دەگوازرایەوە، ناوی (ڕێگای ئاوریشم) لەسەدەی نۆزدە لە لایەن جوگرافیناسی ئەلمانی (فردیناد فون ریچهۆفن) بەکارهاتووە، بە ئەلمانی (زایدنشتراسە (Seidenstraße)، بەواتای ڕێگای ئاوریشم دێ (1970,Grousset: 36–48).

[16] . میدیای ئەترۆپاتی، یان (**آتروپاتکان**)، یان میدیای بچویک، لەسەردەمی هەخامەنشیەکان ساترابێک بوو، بە ناوی میدیا، لە دوای لە ناوچوونی هەخامەنشیەکان لەسەردەمی ئەسکەندەر مەکدۆنی بوو پاشکۆی یۆنانی وبە ناوی حاکمەکەی ئەترۆپات بووە، بەتایبەتی بەشی باکووری، لەسەردەمی سلوکیان جیابۆوە و سەربەخۆ بووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئازەربایجانە (گێرشێڤچ، 483: 2012).

سەردەمە مێژووییەکاندا، ئەمە بەدی دەکرێ، دیارە هەر قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کەسانێکەوە بونیادنراوە، لەو ئاستەدابووە، کە شیانی هزرینی و بەرپەرسیارێتی بێت، تا بتوانن ئاستەنگەکان ببڕن و بەسەر دژ و نەیارەکان زاڵ بن و ببن بە خاوەن قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان.

هەروەکو دیارە ئەمە بۆماڵباتی سورین دروستە، پێگە و ڕۆڵی ماڵباتی سورین، بۆ کەسایەتی (سورنا) دەگەڕیتەوە، کە سەرۆکی ئەو ماڵباتەبووە، بۆیە لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکرێ کە لێهاتوویی سورنا هۆکار بووبێت، کە ئەم ماڵباتە زیاتر ناویان بێتن بە بەراوورد بە ئەوانیتر، هەروەکو کرستنسن ئاماژە بۆ ئەمە دەکات، بەوەی پێگەی بنەماڵەی سورین لەدوای بنەماڵەی فەرمانڕاو دەهاتن، بە واتای یەک پلە لە دوای خانەوادەی شا بوونە لە ڕووی سەروەت و سامان، پالپشتی زۆری شای ئەشکانی بوونە، کە مافی تاج لەسەرنانی شایان هەبووە و بە میرات بۆیان مابۆوە ( 1957: 7)، سورنا، کەسی دووەم بوو لە دەوڵەتی ئەشکانیدا ناوی لە دوای ناوی شادا دەهات، ئەم ماڵباتە لەسەردەمی سەرکردەی ناوبراو خاوەنی هێز و دەسەلاتی زیاتر بوونە، هەرچەندە هۆزی سورین بە ئازایەتی و شەرکەری بەتوانا ناسراوون، هەر لەبەر ئەوەیە ناسناوی پەهلەوانیان هەبووە، تا ئەوەی زۆرجار بە (سورین پەهلو) ناویاندێت، لە شەڕەکانیان لە دژی هۆزە کۆچەرەییەکانی ڕۆژهەلات سەرکەوتووبوون و سیستان و بەشی زۆری ڕۆژهەلاتی ئێرانیان لەژێر کۆنترۆڵدا بووە (قادری، 1390: 35)، هەرچەندە زانیاری و وردەکاری زۆر لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو سەرکردە مەزنە نیە، ئەوەی هەیە تەنها ئاماژەیە بە ناوی و هەندێ تایبەتمەندی کەسایەتی (پاشکۆی: 5)، وەکو دەوترێ سورنا ناسناوبووە، ناوی سوپاسالار (ڕۆستەم سورین پەهلاڤ، **Spahbodh Rustaham Suren-Pahlav**) باوکی ناوی ( ئاراش) و دایکی (ماسیس)بووە، لە ساڵی (84 پ.ز)، لە دایک بووە، ماوەی منداڵی لەسەردەمی (ئوردی یەکەم) و (میهردادی چوارەم) بووە، لەسەردەمی ئوردی دووەم بووە بە پێشەوای ماڵبات و سەرکردەی سوپای دەوڵەتی ئەشکانی بووە، پلەی سوپاسالار (سپهبد) کە پۆستێکی سەربازی مەزن و گرنگ بووە، کە لە کاتی جەنگەکان پلانیان دادەنا، بە یۆنانی (استراتژوس)ی پێ دەوترێت، خاوەنی سوپایەکی بەهێز مەزن بووە، بە (سوارکاران کمانگیر) سواچاکانی تیربەدەست ناسراون (وکیلی، 1393: 251)، ئەو تەنها کەسێکی ئاسایی نەبووە بەڵکو خاوەنی سەروەت و سامانی زۆرو سوپای تایبەت بەخۆی بووە، هەرکاتێ بۆ شوێنێک ڕۆیشبا ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتکار و کۆیلە و لایەنگیرانی لەگەڵی بوونە، دەوتری هەزار وشتر پێداویستیەکانی هەڵدەگرت و دووسەد کەژاوە هاوسەرەکانی و وێڕای هەزار سواری ڕێکخراویش بۆ پارێزگاری لەگەڵ بووە (شیپمن، 1386: 82)، لەڕووی شێوە و جەستەییەوە خاوەنی لەش و لارێکی و بەرز و بەهێز و چوارشانە بووە، ڕۆخسارێکی تایبەت و سەرنجراکێش هەبووە و زۆرگرنگی بە ڕازاندنەوەی شێوەی داوە، ڕێز و پێگەیەکی بەرزی کۆمەلایەتی و سەربازی هەبووە (مشکور، 1343: 342). بێگومان ئەویش بە هۆی هەبوونی دەسەلاتی سەربازی ، خاوەنی سەرمایەکی زۆربووە.

### 2.2. ڕووداوەکانی پێش جەنگی کاررا

یەکی لە کەسایەتیە دیارەکانی سیاسی و سەربازی مێژووی ڕۆمانی (کراسوس، **Marcus Licinius Crassus**، 115-53 پ.ز)بوو، کە بوو بە کونسول (Roman Consul)[17] و حاکمی سوریا، لەگەڵ هەردوو سەرکردە و سیاسیە بەناوبانگەکانی ڕۆمانی (یۆلیوس، Gaius Julius Caesar ، 100- 44 پ.ز) و (پۆمپێۆ، بومبیوس، .Pompeiu Magnus 106-48 پ.ز)، کە بە سێکوچکەی حکومەتی ڕۆمان ناسرابوون (مونتسکو،2011 : 107-108).

کراسوس خەونی بەوە دەبینی وەکو (ئەسکەندەر مەکدۆنی) دەست بەسەر گشت ڕۆژهەلاتدا بگرێت، زۆر لەخۆ بایی بووە، هێزی ئەشکانی یەکەم سەیرکردووە، بۆیە لەوە دڵنیابووە بە ئاسانی دەتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دەوڵەتی

---

[17] . کونسول بەرزترین پۆست بووە، لەسەردەمی کۆماریدا، سەرۆکی کۆمار و دەسەلاتی جێ بەجێکاری هەبووە، سی کەس بۆ ئەم پۆستە دیاریدەکرا، کە ڕاستەخۆ لەلاین خەلکەوە هەلدەبرێژرا و ئەنجومەنی پیران دانی پێدادەنا، بۆ ماوەی ساڵێک دەمانەوە و دواتر هەڵبژاردن دەکرایەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، تاوەکو ڕێگە نەدرێ گەندەڵی و تاکرەوی لە حوکمرانی دروستببێت (polo ، 2001)، وەکو پێچەوانەی دەسەلاتی کۆماری کە چوار سەد ساڵ لەسەردەمی پاشایەتی و سیتەمی پشتاوپشت بووە (الصغدی، 1967).

ئەشکانی لەناوبەرێت (Malcolm,1936:67)، لەلایەکی تر دەیویست وەکو هەردوو سەرکردە (یۆلیوس و پۆمپێ) هێز و شیانی خۆی بەدەربخات، چۆن یولیۆس لە وڵاتی گال، پۆمپیۆ لە بەلکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو، بۆیە ئەویش دەیوست بەرەو رۆژهەڵات بکشێت و دەوڵەتی ئەشکانیەکان بشکێنێ و بیخات لەژێر کۆنترۆلی خۆی، مەزنایەتی بۆ خۆی تۆماربکات، هەرچەندە ئەنجومەنی رۆمان دژی ئەوهەڵمەتە بوون، چونکە هیچ پاساوێک نەبوو، بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئەشکانی، دەوترێ ئامانجی دەستخستنی دەستکەوت و سامان بووە، کەسێکی پوڵ پەرست و چاوچنۆک بووە، خۆی بەرنامە دارێژەری شەڕەکە بووە (رجبی، 1383: 91)، بەڵام کراسوسی تەمەنی سەرووی شێست ساڵی بوو، لەو باوەڕدابوو داگیرکردنی دەوڵەتی ئەشکانی کارێکی ئاسانە، بەهۆی هەبوونی کێشەی ناوخۆ، بەتایبەتی پاش تیرۆرکردنی (فەرهاد) لە لایەن (ئۆردی یەکەمەوە)، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەم کارەی کراسوس ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە و رۆمانی راکێشا بۆ شەڕێکی کارەساتبار.

پاشای ئەرمینیا (ئەرتاڤاردس، ئەردافست، یان ارتوازدی دووەم *Artaouásdēs* ،56_ 34 پ.ز) کوڕی تیگرانی دووەم(گەورە) بووە، بە پێیی ئەو رێککەوتنامەیەی کە لە نێوان رۆمان و ئەرمەنستان لە ساڵی (66 پ.ز)، لەلایەن پۆمیۆ بەسەریاندا سەپێندرا، ئەرمینیا دانی بە رۆمان داناو بووە لەسەر بە رۆمان، بۆیە پەیمانیدا و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ لایەنگیری رۆمان (ماجیان، 1366: 64)، بە هێزی سوارەو پیادەوە ئەوەشی پێ راگەیاندبوو، کە ئەگەر لە ئەرمێنیاوە هێرش بکات، سوارەکانی ئەشکانی هیچیان بۆ ناکرێ، لەشکری پیادەی رۆمانی سەرکەوتوو دەبن، بەڵام کراسوس گەڕایەوە بۆ وڵاتی دوو رووبار کە شارەزایی ناوچەکە بووە، ئەوەبوو کراسوس بۆ هێنانەدی خەونەکەی لە بەهاری ساڵی (53پ.ز) سوپاکەی ژمارەیەکی زۆری سەرباز، زیاتر لە چل هەزار لە جەنگاوەرانی سوارە و پیادە پێکهاتبوون بە بەرەو قەڵمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی کشا، کە لە لەشکری کراسوس لە رووباری فورات پەرینەوەو دەستی بەسەر ساترابێکی ئەشکانی داگرد، شا (ئۆردی دووەم) پەیامێکی بۆ کراسوس نارد(سەرفیراز و فەیروزمەندی، 2009: 67)، لە رێگەی نێردەیەک بەوەی پێیی رابگەنێت..( ئایا ئەم زێدە رەوییە بە فەرمانی دەوڵەتی رۆمانە، یان خەڵکی رۆمان دەیەوێت، شەڕی من بکات؟ ئاوا من ئامادەمەم و ترسم لە ئەنجامەکەی نییە، یان ئەگەر بە ئارەزوو و ویستی خۆت هاتووی، دەتەوێ دەست درێژی بکەیتە خاکی ئێران، ئەوا پەشیمان ببەوە و من ئامادەم چاوپۆشی لە هەڵەکەت بکەم و بە دیلگیراوانی رۆمانیش ئازاد بکەم)، دەوترێ شای ئەشکانی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ناردنی نێردە و دانوستاندن مەبەستی دەستکەوتنی کات بووە، تاوەکو خۆیان سازبدەن و ئامادەسازی بۆ جەنگ بکەن (شیپمن، 1386: 80).

کراسوس لە وەڵامدا وتویەتی لە سلوکیە ( پایتەخت) وەڵامی پاشاکەت دەدەمەوە، (1967،Malcolm : 82)، واتا کاتێ وڵامت دەدەمەوە، کە پایتەخت سلوکیەم داگیرکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کاتێ پایتەخت گیرا، واتا کۆتایی بە قەوارەکەیان دێتن و لەناودەچن، دەوترێ نێردەکەی ئۆردیش کاتێ ئەم وەڵامە دەبیستێت، دەستی بردە پێش وبە کراسوسی وەتووە (ئەی کراسوس، تۆ وەختایەک چاوت بە سلوکیە دەکەوێ کە بەری دەستی من مووی لێ بڕوێ)( 1937،DEBEVOISE: 82 ؛ کالێج، 2010: 47)، دەوترێ ئەمە وتەی ئۆردی دووەم بووە. بەو مانایەی ئەگەر موو لە لەپی دەستم ڕوا ئەوکات دەتوانی بێیتە ناو شاری سلویە، بەوەی ناتوانی و مەحالە بتوانی شاری سلووکیە داگیربکەی.

ئەو جەنگەی لە نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و کۆماری رۆمانی، لە باکووری کوردستان لە شاری (Harran) لە نێوان ئۆدیس(ئۆرفا) و ڕاس عین، ڕوویداوە، ڕۆمانەکان پێیان وتوە (Carrhae ، کاررا) بۆیە ناوی ئەو شەڕە بەناوبانگەی مێژوویی بە ناوی شارەکەوە بووە، هەروەکو (یاقوت الحموی) ئاماژە بۆ شاری حەران دەکات، بەوەی کە شارێکی مەزن بووە رۆژە رێیەک لە روها دوور بووە و دوو رۆژی رۆیشتن لە رەقەوە دوور بووە( 1977، 2: 235). دیارە خاکی کوردستان هەموو کات مەیدانی جەنگی نێوان زلهێزەکان بووە و کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە و دانیشتوان هەبووە.

### 2:3. سەرکردە سورنا و پلانی جەنگی کارا

پاش ئەوەی زانراوە کە ئەرمینیا بەشێکە لە پلانی کراسوس بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ئەشکانی، ئۆردی دووەم نەخشە ڕیگاکەی دیاریکرد، کە خۆی بەروە ئەرمینیا بڕوات، و سوپاکەی بەهێزێکی زۆرەوە بەسەرکردایەتی سەرکردەی

بەتوانا (سورنا) بۆ جەنگی ڕۆمان نارد، پلانەکەی ئوردی دووەم سەرکەوتووبوو، بەوەی خۆی بەرەو ئەرمەنستان ڕۆیشت، زۆر بەخێرایی داگیری کرد(ورستاندیک، 1386: 176)، .

ئەبگەر حاکمی ئۆسەرینە، لە ڕاستیدا سەرۆکی هۆزێکی عەرەبی بوو، لەسەردەمی لەشکرکێشی پۆمپێ بۆ ناوچەکە کرابووە، بەهۆی لایەنگیری بۆ ڕۆمان کردی بە حاکمی ئۆسەرینە، کە بە لایەنگیر و پشتیوانی ڕۆمان هەژماردەکرا، بەڵام لە ژێرەوە ببوو بە لایەنگیری ئورد، ڕۆڵی مەزنی بینیی لە ئاراستەکردنی سوپای کراسوس، سەرەتا کراسوس ویستی لە لێواری رووباری فورات بەرامبەر سلووکیە جەنگەکە ئەنجام بدات، ئەبگەر پێشنیاری بۆ کرد، کە شوێنەکەی بۆ کاررا(حەران)(Carrhae (Harran بگوازێتەوە، کە لە نێوان ئۆدیس(ئۆرفا) و راس عین بوو، کە ئەمەش فێل و تەڵەی جەنگی بوو(رجبی، 1380: 94)، بە پێشنیاری سەرکردە سورنا بووە، تاوەکو سوپای ڕۆمان ڕابکێشێت بۆ ئەو مەیدانەی خۆی دیاریکردبوو، شوێنێکی فراوان بوو، کە سوارانی ئەشکانی زۆر بەئاسانی جووڵەیان دەکرد چونکە ڕهێنراوی بیابانی بوون،(پاشکۆ، 6) سەرەتا ئەشکانیەکان بە سوپایەکی کەم و چەکی سووک خۆیان دەرخست، بەشێکی سوپاکەی لە سوارەکان چەکەکانیان شاربۆوە، کراسوس بەبێ ئەوەی جەنگاوەرەکانی بحەسێنەوە کە زۆرماندی ببوون، ڕاستەوخۆی دەستی بە شەڕکردن کرد، وای مەزندە کرد کە ژمارەیان کەمە بە ئاسانی دەتوانی بەسەرياندا زاڵ بێت( مشکور، 1343: 341)، کە سوپای ئەشکانی لە دە هەزار سوارچاک و هەزار فیل پێکهاتبوون، هەرچەندە لەوانەیە ئەو ژمارەیە زیادەڕەوی تێداکرابێ، لەو کاتەی سوپای ڕۆمان هێرشیان کرد، دەنگی دەهۆڵی سوپای ئەشکانی لێدرا، ئەو جەنگاوەرە سوارەکان کە خۆیان شاردبۆوە بەدەرکەوتن، بە جۆرێکی زۆرناوازە جەنگان، سوپای ڕۆمان دووچاری شکستێکی گەورە بوون، شێوای شەڕی هێرش و کشانەوەی(کر وفر)خێرایان ئەنجامدا، واتا هێرشیان دەکرد و دواتر دەکشانەوە(باقر واخرون، 1979: 98)، سوپای ڕۆمان دەهاتنە پێش، لەناکاو هێرشیان دەکردەوە، دووبارە سوارەکان دەوریان دەدا و تیربارانیان دەکردن، سەرەتا سوارەکانی یەکەی سوپای قورسی ئەشکانی پەلامایان دەستپێکرد و سوارەکان زۆر بە خێرایی هێرشیان دەکرد، لەسەر ئەسپەکانیانەوە تیریان دەهاویشت زۆر لێهاتووانە، تیرهاوێژەکانیش بەردەوام سوپای ڕۆمانیان تیر باران دەکرد، کە جۆری کەوانەکانی ئەشکانی مەودای ڕۆیشتنان زۆر زیاتر بووە بە بەراورد بە ڕۆمان، هەروەها تیرەکانیان زۆر بەهێزبوون، سەربازانی ڕۆمان تەنها بە هیوای ئەوە بوون کە تیری ئەشکانیەکان تەواو بێت، هەرکاتێ وایان دەزانی تەواوبوون، لەو کاتەدا کاروانێک لە فیل بارەکانیان پڕبوون لە تیر دەگەیشتنە پێشەوە، ئەنجامی ئەمە ڕێژەیەکی زۆری سەربازانی ڕۆمانی کوژران (مشکور،1343،341)، لەم بارودۆخە ناڵەبارە کوڕی کراسوس (فابیوس) سەرکردەیەکی لێهاتوو وشارەزایی تەواوی هونەرە جەنگیەکان بوو، بەوەی لەژێر چاودێری یولیوس سیزەر پەروەردە کرابوو، لەگەڵ هەزار و چوارسەد جەنگاوەری وڵاتی گاڵ (فەرەنسا) کە بەناوبانگ بوون، بە ئازایەتی و لێهاتوویی، بۆ یارمەتی کراسوس هاتبوون، لەگەڵ ئەوەش نەیتوانی هیچ گۆڕانکاریەک لە ئەنجامی شەڕەکەدا بکات، فابیوس هێرشی کردە لەسەر سوپای ئەشکانی، ئەوان سەرەتا لە بەرامبەر هێرشی فابیوس کشانەوە، دواتر لە هەموولایەک هێرشیانکرایە لەسەر، فابیوس کوژرا، ئەمە زیاتر ورەی سەربازانی ڕۆمانی دابەزاند (کراکوس) فەرمانی کرد، هێرش دەست پێبکەنەوە، بەڵام بە هێرشی لە ناکاوی سوارانی ئەشکانی گەماڕۆدران (پیرنیا، 2013: 285)، ئەم شێوزی شەڕکردنە لە مێژوودا بە شێوازی جەنگی (پارتی زانی، حرب عصابات)[18] ناسراوە، کە لەوانەیە ناوەکەشی هەر بۆ ئەشکانیەکان بگەڕێتەوە (پاشکۆ، 7).

دواتر کراسوس داوای وتوویژی کرد، دانوستاندن بکەن بۆ ڕێککەوتن، بەڵام و بەهۆی دروستبوونی کێشە کراسوس کوژرا، دەوترێ ئەمە پیلان بووە بۆ کوشتنی کراسوس[19]، ژمارەیەکی زۆر سەربازانی ڕۆمانی کوژران، ئاماژەی بۆ

---

[18] . حرب عصابات، یان پارتی زانی ، بە زمانی ئینگلیزی پێیی وتراوە( **Guerrilla warfare** ) ( البعلبکی، 2005: 763)، جۆرە شەڕکردنێکی سیستەماتیک و ڕێکخراو نییە، بەڵکو بە شێوەی تەکتیک و پەلامار و هێرشی لەناکاو ئەنجام دەدری، پشت دەبەستێ بە فێل و هەڵخەلەتاندن و دانانی کەمین و هەڵمەتی لە ناکاو و کشانەوەو دووبارە هێرش کردنەوە( بهلول، 2013).

[19] . سەربڕینی کراسوس لە بەرهەمی ئەدەبی نووسەرانی ڕۆمانی ئاماژەی بۆکراوە، بەوەی کاتێ سەری کراسوس نێردراوە بۆ شا ئوردی دووەم، بە شێوەی شانۆگەری لە لایەن ڕۆمان نووسی یۆنانی بەناوبانگ گوزارشتی لێکراوە( یوربیدیس، 480– 406 پ.ز) بە ناونیشانی(باخی، باکۆسیات)نووسراوەتەوە ( باقر واخرون، 1979: 99)

بیست هەزار کراوە و دە هەزاریشیان بە دیلگیراو، ئەوانەی ماونەوە پاشەکشەیان کرد (شیپمن، 1386: 83). ئەم جەنگە شکستێکی گەورە بوو بۆ ڕۆمان بۆ یەکەمجاربوو، بەم شێوەیە لە بەرەکانی جەنگدا دووچاری شکست بین و دوو لە سەرکردە دیارەکانیان بکوژرێن (کراسوس و کورەکەی فابیوس).

### 2.4. گۆڕاکاریی سیاسی و لێکەوتەکانی جەنگی کاررا

**سورینا** ئەم سەرکەوتنەی سوپای ئەشکانی گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتدا دروستکرد، بەوەی دەوڵەتی ئەشکانی بەردەوام بوون لە شەڕکردن، دەستی بەسەر زۆربەی ئاسیای بچووک و سوریا و بەشێکی زۆری وڵاتی دوو ڕووباردا گرت، واتا (ئەرمەنستان و تورکیا و وڵاتی دوو ڕووبار و سووریا) کەوتنە نێو نەخشەی دەوڵەتی ئەشکانی، ڕووباری فورات بۆ ماوەی دوو سەدە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت بوو، ئەوەی ئەم هەڵەی بۆ ئەشکانیەکان ڕەخساند، تیرۆرکردنیی یۆلیۆس سیزەر بوو لە ساڵی 44 پ. ز(گیرشمەن، 2013: 379) .

لە لایەکی تر کێشەی ناوخۆ و ئاژاوە و ململانێ لەسەر کورسی دەسەڵات لە کۆشکی ئەشکانی سەریهەڵدایەوە، سەرەتا پاشا ئوردی دووەم بەهۆی ئیرەیی بردنی بەسەرکردە ئازاکەی (سورنا)ی کوشت، لەجیاتی پاداشتی بکات، لەبەر ئەو ڕۆڵە مەزنەی لە سەرکەوتنی سوپای ئەشکانی بەسەر سوپای ڕۆمانی بەدەستیهێنا، کە یەکەم ڕووبەڕوونەوەی ڕاستەخۆی سەربازیی بووە، لەنێوان دەوڵەتی ئەشکانی ڕۆمان، هێز وشیانی ئەشکانیانی نیشانی جیهانی ئەو کاتدا، کە گۆڕاکاری لە پێگەی دەوڵەتی ئەشکانی دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجام سەرکردە سورنای کوشت، هەرچەندە لە گێڕانەوەی مێژوونووسانی ئەشکانی هیچ ئاماژەیەک دیارینەکراوە، کە سورنا مەبەستی هەڵگەڕانەوە لە ئوردی دووەم هەبێت و یاخود هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی کورسی دەسەڵاتی هەبووبێت، بۆیە زیاتر ئاماژە بەهۆی ئیرەیی و ترسی ئوردی دووەم دەکەن، کە لە پێگە و هێزەکەی ترساوە، سەرباری ئەو ناوبانگەی  لە جەنگی کاررا بەدەستی هێنا، کە سنووری ئێرانی تێپەڕاند و لە ڕۆمان لە ئەدەبیاتی ڕۆمانی ئاماژەی بۆ کراوە (ورستاندیک،  1386؛ شیپمن، 1386؛ ولسکی، 1383).

هەروەها وەکو وەرگرتنی هەڵوێست هۆزی سورین لەبەر تیرۆرکردنی سەرکردەکەیان لە حکومەتی ئەشکانی جیابوونەو لە هەرێمی سیستان و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیان، بوونە نەیاری دەوڵەتی ئەشکانی، ئەوان بە هیندی پارتی ناسراوبوون، بەوەی هەژموونیان بەسەر هیند و پەنجاب و بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتدا هەبوو ( کلانی، 1401: 375).

### ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**لە ئاکامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا، بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:**

1. دەوڵەتی ئەشکانی لە شێوەی یەککگرتنی هۆزایەتی پێکهاتبوو، وێڕای پێکهێنەری دەوڵەتەکە ماڵباتی (پارنی) بوونە، بە هاوپەیمانی لەگەڵ حەوت بنەماڵەی بەناوبانگ، بە شێوەی کۆنفیدراڵ ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوانیان دامەزراند، وەکو یەکی لەو بنەماڵە بەناوبانگانە، بنەماڵەی (سورین) بوو لە هەرێمی سیستان، کە ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتیەوە، بەوەی ئەوان خاوەن موڵک و سامانی زۆربوونە، هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە پلەیەک لە خوار شاوە بوونە، ئەرکی ئەم تیرەیە تاج لەسەرنانی شای دیاریکرابووە، خاوەن ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەران بوونە، پاڵپشتی شابوونە.

2. سەرکردە (سورنا) پێشەوای ماڵباتی سورین، کە خزمەتی زۆری بە شا ئوردی دووەم کرد، لە کێشەی ناوخۆ ململانێ ناوخۆیی، بە دیاریکراوی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (فەرهادی سێیەم)، کە بە دەستی کوڕەکانی (ئوردی دووەم و میهردادی سێیەم) تیرۆرکرا، کوڕە گەورەکەی (میهردادی سێیەم) دەسەڵات وەردەگری، دواتر (ئوردی دووەم) لە دژی براکەی (میهردادی سێیەم) شۆڕشی کرد، سەرکردە (سورنا) ڕۆڵی مەزنی لە ناوبردنی نەیارانی ئوردی دووەم هەبوو، بوون بە شای دەوڵەتی ئەشکانی،

3. هەروەها سەرکردایەتی گەروەترین و بەناوبانگترین جەنگی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمانی کرد، جەنگی (کاررا) لە ساڵی (53پ.ز)، کە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا، ئەم جەنگە شکستێکی گەورە بوو بۆ ڕۆمان، کە یەکەم جاربوو، ڕۆمان بەم شێوەیە لە بەرەکانی جەنگدا دووچاری شکست ببێت، دوو لە سەرکردە دیارەکانیان (کراسوس) و کورەکەی (فابیوس) کوژران، کە کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕانکاری سیاسی و سەربازیدا، بەڵام شا ئوردی دووەم لەجیاتی بە بەرز ڕاگرتنی هەوڵەکانی سەرکردە (سورنا)، فەرمانی تیرۆرکردنی بۆ دەرکرد، چونکە مەترسی هەبوو بۆ بەرژەوەندی سیاسی، بەوەی خاوەنی  هێز و سوپا بوو، لە تەمەنی سی ساڵیدا کۆتایی بەژیانی هات، لەگەڵ تۆمارکردنی ناو و ناوبانگ و ئازایەتی، کە سنووری ناوخۆیی تێپەڕاند و چووە نێوتۆمارەکانی ڕۆمانی.


**لیستی سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

– سرفراز، عەلی ئەکبر و فەیروزمەندی، بەهمەن(2009). دێرینەناسی و هونەر لە سەردەمە مێژووییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی. وەرگێڕان: وریا قانع، هەولێر، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی هێڤی.

_ عبدالواحد، کلثومە جمیل( 2023) بارودۆخی ڕۆشنبیری و زانست لە دەوڵەتی ساسانیدا، 224- 651ز، هەولێر، نوسینگەی تەفسر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

_ عبدالقادر، عطم مصطفی( 2024) ڕاپەڕینێن مللەتێن ژێر دەسەلاتداریا ئیمپراتۆریا هەخامەنشی( 550- 231پ.ز) تێزی دکتۆرا، زاخۆ، زانکۆیا زاخۆ، کۆلیژا زانستێن مرۆڤایەتی.

_ غەفوری ڕێزان قادر عەبوڵلا(20219 کاردۆخیا و کۆردوێنێ ولە سەرەتاوە هیتا سەدەی 5زاییني، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی_ شارستانییە، سلێمانی، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.

_ کالێج، ماڵکۆم( 2010) ئەشکانیەکان( پارتەکان)، وەرگێرانی: سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین.

_ گریشمن، ڕۆمەن(2013). مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، وەرگێران: سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنەکەی ژین بۆ بڵاوکردنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی ورۆژنامەوانی کوردی.

گێرشیڤچ، ئیلیا(2012) سەردەمی هەخامەنشیەکان، وەرگێڕانی: سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنەکی ژین.

**سەرچاوە ئایینیەکان**

_ اوستا، یشت ها( 1377) مترجم: ابراهیم پوداوود، تهران، انتشارات رایگان.

_ کتاب الڤندیداد(2001) الابستاه، نقله من الفرنسیه: داوود الچلبی. اربیل، دار ئاراس للطباعة والنشر

**بە زمانی فارسی**

– اعتماد السلطنه، محمد خان(1371) درر التیجان فی تاریخ بنی الاشکان(تاریخ اشکانیان) تهران، انتشارات اطلس.

–حسن پیرنا وعباس اقبال اشتیانی( 1392) تاریخ تمدن ایران ز اغاز تا خلفای عباسی، انتشارات چلچله، تهران.

_ خانیکی، میثم لباف( 1396) تاملی بر تاریخ واثار فرهنگی هپتالیان در ایران عصر ساسانی، فصل نامه پژوهش های تاریخی (علمی-پژوهشی)، سال نهم،شماره چهارم.

_ رجبی، پرویز( 1383) هزاره های گمشده، اشکانیان(پارت ها) ، جلد چهارم، تهران، انتشارات توس.

_ زرین کوب، عبدالحسین (1378) روزگاران تاریخ ایران از اغاز تا سقوط سلطنت پهلوی.تهران، انتشارات سخن.

زرین کوب، عبدالحسن (1364). تاریخ مردم ایران . تهران ، انتشارت امیر کبیر.

سیاهپوش، سیدابوتراب( 1393) هلنیسم و نقش آن در فرهنگ ایران پیش از اسلام، جامعه پژوهي فرهنگي، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگ، سال پنجم، شمارة چهارم، ص 37-58.

_ شیپمن، کلاوس( 1386) مبانی تاریخ پارت، ترجمه: شاهرخ راعی، تهران، انتشارات کتاب سیامک.

_ قادری، تیمور(1390) اشکانیان، تاریخ ایران کمبریج، جلد سوم، قسمت دوم، تهران، انتشارات شابک.

_ کلانی، رضا (1401 )هندوپارتیان و برآمدن ساسانیان، تهران، انتشارات طهوری.

_کورش لی، علیرضا( 1399) سکاها پیدایش، زندگی، هنر،تهران، شابک.

_ ولسکی، یوزف ( 1383) شاهنشاهی اشکانی، ترجمه: مرتضی ثاقب فر، تهران انتشارات ققنوس.

– ماجیان، هراند پاسدر( 1366) تاریخ ارمنستان، ترجمه: محمد قاضی، تهران، مرکز پخش نشر گستره.

_ مشکور، محمد جواد (1343). ایران در عهد باستان،در تاریخ اقوام و پادشاهان پیش او اسلام.تهران ،سازمان انتشارات اشرفی.

_ نظری، داریوش( 1398) دین ایران در دوره اشکانیان، دوفصلنامه علمی تخصصی دانشجویی پارسه، سال نوزدهم، شماره سیویکم .

- هرتسفلد، ارنست(1354) تاريخ باستانی ايران بر بنياد باستانشناسی، تهران: انجمن آثار ملی
- وکيلی، شروين( 1393) تاريخ سياسی شاهنشاهی اشکانی، تهران، نشانی.
_ ورستانديک، اندره ( 1386) تاريخ امپراتور اشکانيان، ارجمه: محمود بهفروزی، ايران، شايک.


**گۆڤاری زانستی**


عبدالواحد، کلثومه (2024) ڕۆڵی شاژنه (شيشندوخت) **Šīšīnduxt** له پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی و جوو ەکان، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە، 28، بەشی، 5.**https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about**


**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**


- الاحمد، سامی سعيد والهاشمی، رضا جواد (1985). تاريخ الشرق الادنی القديم ايران والاناضول. بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
- باقر، طه ورشيد ،فوزی وهاشم، رضا جواد (1979) .تاريخ ايران القديم. جامعة بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
- بهلول، نسيم( 2013) حرب العصابات الجديدة من النظرية الی التکتيک، الجزائر، ابن النديم للنشو والتوزيع.
- البعلبکی، روحی(2005) المورد قاموس عربی- انکليزی، بيروت، دار العلم للملايين.

_ پيرنيا، حسن (2013). تاريخ ايران القديم من بيدايه حتی نهايه العهد الساسانی، ترجمه: محمد نورالدين عبدالمنعم ومحمد السباعی.القاهرة، مرکز القومي للترجمه

_ جواد، حسن حمزة( 2008) نشوء الدولة السلوقية وقيامها (دراسة تاريخية 312-64 ق.م)، جامعة بغداد، رسالة الماجستر غير منشورة.

_ الطبري، محمد بن جرير (1998). تاريخ الطبري المعروف بتاريخ الامم والملوک. الجزء الثاني . بيروت، منشورات موسسة .

_ الصغدی، هشام( 1967) تاريخ الرومان فی العصور الملکية والجمهورية والامبراطورية حتی عهد الامبراطور قسطنطين، لبنان، دار الفکر الحديث.

_ کريستنسن، ارثر(1957). ايران في عهد الساسانيين. ترجمة: يحي الخشاب. بيروت، دار النهضة العربية.

_ عکاشه ،علی و الناطور، شحادة و بيضون، جميل (1991) اليونان والرومان، مصر، دار الامل للنشر والتوزيع.

**_ العلان، ارواد عدنان( 2011) الدولة الاشکانية( الايرانية) الحياة السياسية والاجتماعية والاقتصادية سوريا, دار موسسة رسلان للطباعة والنشر والتوزيع.**

_ مکاوی، فوزی( 1999) الشرق الادنی فی العصرين الهلينستی والرومانی، مصر، المکتب المصری لتوزيع المطبوعات.

- المسعودي، ابي الحسن علي بن الحسين بن علي(1938). التنبيه والاشراف. بيروت، المکتبه التاريخية .

_ مومن، علی مومن (2012) الحياة الاجتماعية الرومانية خلال العهد الجمهوری، ريساله الماجستر غير المنشورة، ليبيا، جامعه بنغازی،.

_ مونتسکيو( 2011) تاملات فی تاريخ الرومان اسباب النهوض والانحطاط، الترجمة: عبدله العروی، بيروت، المرکز الثقافی العربی.

_ مؤنس، حسين( 1987) اطلس تاريخ الاسلام، قاهرة، الزهراء للاعلام العربي.

_ نصحی، ابراهيم(1976) تاريخ مصر فی عصر البطالمة، الجزء الاول، القاهرة، مکتبة انجلو المصرية.

_ ياقوت الحموی( 1977) معجم البلدان، جزء2، بيروت، دار صادر.

_Barthold ,Wilhelm(1984) *An Historical Geography of Iran (Modern Classics in Near Eastern Studies),* Tr. SvatSoucek, New Jersey ,Princeton University Press. .

_ Colledge ,Malcolm(1967) *The Parthians , Fourth Avenue , New york*

_Debevoise,N.C(1938) *A Political History of Parthia*.The University of Chicago Press, CHiacago.

_Dingas, Beate and winter, Engelbert (2007)*Rome and Persia in Late Anteiqity,*Combridge University Press.

_ Dodge,Theodore Ayrault(1892) *Battle of Carrhae (Caesar: A History Of The Art Of War Among The Romans Down To The End*, vol. II, New york , Houghton Mifflin Company.

_GROUSSET ,RENE(1970) .*The Empire of the Step*es . Rutgers University Press.

_ Polo,Francisco Pina(2011)*The consul at Rome,* Cambrigde University Press.

-Rawlinson ,George( 2021) *The Seven Great Monarchies of The Ancient,* Eastern World, Vol 6: Parthia.

**پاشکۆکان**



( قادری، 1390: 169) پاشکۆ،1 سنووری جوگرافی دەوڵەتی ئەشکانی



(قادری،1390: 168) پاشکۆ،2 ڕێگای ئاوریشم



(وکیلی، 1393: 936) پاشکۆ، 3 ، وێنەی میهردادی دووەم، 124- 91 پ.ز لەسەر دراوی ئەشکانی.




(وکیلی، 1393: 936) پاشکۆ، 4، وێنەی ئوردی دووەم 57- 38 پ.ز



(گریشمن، 2013: 580 ) پاشکۆ ،5، وا مەزندە دەکرێ وێنەی سەرکردە (سورنا) بێت.




(www.cais.soas.com ؛ Dodge,1892) پاشکۆ، 6، هێلکاری جەنگی کاررا .




(Dodge,1892) پاشکۆ، 7، پلانی سەرکردە سورنا لە جەنگی کارادا.

**The Role of the Leader (Surena, 84-53 BCE) in Military and Political Transformations in the Parthian Empire**

**Kalthuma Jameel Abdulwahid**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**Abstract**
Throughout history, numerous leaders and warriors have emerged, who playing great roles in military and political transformations. However, due to the jealousy and paranoia of ruling powers, these figures often in some cases faced persecution, assassination, even removal from historical records. A notable example is (Surena) the brilliant Parthian general during the reign of Orodes II. Despite his substantial contributions to the Parthian Empire, including his decisive role in the Battle of (Carrhae) in 53 BCE, Surena's life ended in betrayal and assassination due to fear of his rising influence and power.

Surena's military strategy and leadership were instrumental in defeating the Roman army, considered the strongest military force of its time. His plans led to the capture and death of Roman leaders (Crassus) and his son, (Publius). The victory at Carrhae not only altered the geopolitical balance in a favour of Parthian Empire Political map but also expanded the territorial boundaries of the Parthian Empire, marking a significant moment in the empire's history.

(Surena's) achievements brought him fame both within and beyond the empire. However, his rising prominence prompted King Orodes II to view him as a threat, ultimately leading to his assassination. This event triggered a lasting impact on his descendants, the Suren family of the Sistan region, who declared their independence from the Parthian Empire and established their autonomy.

**Key words**: Parthian Empire, Orodes II, Surena, Battle of Carrhae.

**دور القائد (سورنا ، 84-53 قبل الميلاد) في التغيير العسكري والسياسي في الدولة الأشكانية**

**كلسومة جميل عبدالواحد**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل، اقليم كوردستان، العراق.
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**الملخص**
ظهر في التاريخ العديد من القادة والأبطال الذين لعبوا دورا كبيرا في التغيير العسكري والسياسي، ولكن بسبب جشع وغيرة الحكام والخوف من مناصبهم وسلطتهم واجهوا الإرهاب والدمار، مثل ملك ألاشكاني أرُد الثاني الذي اغتال القائد القوي (سورنا)، واحدة من تلك الامثلة على الرغم من أن هذا القائد قدم خدمة جليلة للملك حتى تولى السلطة، بالإضافة إلى دوره الكبير في معركة كاررا (حاران) عام 53 قبل الميلاد، حيث وكانت الخطة والاستراتيجية العسكرية لهذا القائد السبب الرئيسى للانتصار الاشكانيين وهزيمة الجيش الروماني، والذى يعتبر أقوى جيش في العالم القديم، والذى تكبد فيها واحدة من اشد الهزائم, حتى ان معظم الجيش, وقد قتل في تلك المعركة القائد الرومانى الكبير (كراسوس) وابنه( فابيوس)، ان الانتصار في معركة كارا و مهارة قائد سورنا ادى إلى تغيير في الخاريطة السياسية وتوسيع حدود الدولة الأشكانية، وكان ذلك مفتاحا لشهرة سورنا في العالم القديم، رغم كل ما قدمه سورنا لمبراطورية الاشكانية, الا ان شهرته كانت سببا في اغتياله , وكرد فعل على مقتله، أعلنت اسرة سورين في اقليم سيستان واستقلالها, التي كانت جزءا من الدولة الأشكانية.

**الكلمات المفتاحية:** الدولة الاشكانية، اورد الثاني، سورنا، حرب كاررا ، القبلية.